# بەسەر نەرمەگیای عیشقا ، ڕەوتێک

بەرزان هەستیار
پاییزی 2010
ئەڵمانیا/کۆلن

bhastiar@yahoo.de

درەنگە ؛

ئەبوایە پێشتر بەشەڕ بێین....

تا پرژەی ماچ ،

زووتر وشکەساڵیی خوێنمان تەڕکاتەوە

*******

*دوا بکەوە ، یان هەر مەیە ،.....*

*گرنگ ئەوەیە، بە ڕوویەکی خۆشەوە.....*

*من هەر لێرەم*

*******،

هەموو ئەو نەهاتنانەشت جوانن....

کە ئەمکەنە داهۆڵێک لە چاوەڕوانیی ؛...

کێڵگەیەکی ڕەنگ پەڕیو و

بێدەنگییەکی پڕ سەدا !

*******

خۆت بشارەوە ؛

بۆ ئەوەی هەمیشە دڵی پرسیارێک....

بەخوورپەوە لێ بدات ؛ ......

بۆ دیار نیت ؟

*******

چ پێویستم بەوەیە گوێم لە دەنگت بێت ،!!

ڕەشەبای گومان ،

لە ئەزەلەوە کاسی کردووم ،

یەقینی عیشقت ، لەمڕۆوە...

کردوومی بە باخی هەنگوین !

*******

ژنێک بە مەستیی گۆرانیی بڵێت ،.....

مردن ، یەک سەدەی ڕەبەق خۆی دوا ئەخات

منێک بە مەستیی گۆرانیی بڵێم،.....

یەک سەدەی تەواو، ژیان فەرامۆش ئەکەم !

*******

شاعیر،

کۆیلەیەکی چەند زەلیل و

چ عابیدێکی ملکەچی...

نێو پەرستگاکانی عیشقە !

*******

ئەچمە مەملەکەتێ

هەرزاڵێ بۆ خەونەکانی عیشق چێ ئەکەم....

هەر خۆم و ئەو بین ،

ئیتر ڕەوە کوللەی غیرە،

نادات بەسەر دەغڵی دڵما !

*******

لە فرمێسکی ژنە عاشقەکاندا

شتێک ئەدرەوشێتەوە...

لە یاقووت جوانتر ،

شتێکیش ونه ،

کەس نازانێت چییە ، کەس!!!

*******

پیاوی عاشق ، تاکە پیاوە .....

کە ئەگری ، سەر ناکات بە ژێر لمی شەودا !!

*******

لە کشانی ئەستێرەیەکا...

خوێنی ورشەیەک پەرش ئەبێت ،

لە گریانی ژنێکی دڵتەنگ و تەنیادا

ئاسمانێک بەر ئەبێتەوە

*******

هیچ شتێکیش نەمێنێت،....

ئەو ئاسمانە زەبەلاحە ڕاگرێت

عیشق پەنجەتووتەی خۆی ئەخاتە ژێر

*******

بەربوونەوەی دڵێک لە نهۆمی یەکەمی عیشقەوە

پرژەی خوێنی،...

ئەیدات لە دوا نهۆمی داڕووخاوی تەمەن